# تامەزرۆیی.. ئاوێنە

**شەرمین وەلی**



ئێمە لە هەناسەکان دەترسین
لە خامۆشی هەتاو بۆ ئایندە
دەترسین
دەترسین چۆلەکە بگریت!!
ئاورنگ رقی لە ڕووناکی بێت!
ئێمە فێری گەڕان بووین بە دوای لێدانی دڵ
لە دەنکە هەڵاڵە پرسیاری ژیان دەکەین!!
کەچی!! نازانین
خۆمان جلوەو سپی ئێوارەکان
دەترسێنین

نا.. من لە هاوارەکانی غوربەت دەترسم
لە بێمەیلی ماچەکان
لە زوڵمەتی هەنگاوەکان
لە خۆڵەمێشی هێمنی و زەردی خواستەکان!

خۆم دەنوسێنم بە دڵت و
تۆش بە ترسەوە دەروانیتە
دیدەکانم..

تا لێکخشانی خواست و
ئاوێزانی فرمێسکەکان نەبینم
ناتوانم بتناسێنم
بە دیوارەکانی ئەو دیو کەنار

بۆیە لەم ئێوارەی دووریەدا
بمبەرەوە لەگەڵ ساتی یاخیبوونت لە شەقامەکان
بمگرییێنە لەگەڵ هێمنی ئاسۆکانت
با منیش فێری درەوشانەوەی هیواکان بم

با منیش له وێستگەی چاوەڕوانیا
بگەم بە بێدەنگییەکانی ئەو دیو سەفەر
بگەم بە وڵاتی بێسامالّی تەنیاییەکان

هاوکاری ساتە هەڵاڵەییەکانم
کێ دەڵێ رووخسارەکان رووخێنەری ئاوێنە مەستییەکان نین؟!
کێ نالێی ئێمەیش درۆ لەگەڵ ئاوازەیی نۆتەکانی ژیان ناکەین!؟
کێ نالێ من..نا هاورێکەم لە هەڵرژاندنی رۆحی بۆ پەپوولە بە ئاگایە
لە نوستنی خەڵوەتگاکان
بۆ ناپرسی لە بێدەنگییەکانی سەما
لە نیازەکانی پاییزو لە هێمای درەختەکان

ئەو کاتەی دەبێ روو لە ماڵی ژیان بکەین
فەنتازیاکانمان بەرووی شارەوە هەڵدەشاخێ و
رێبوارەکانی مەستیش لە نهێنییەکانی ئاوێنە دەخۆنەوە و
بیانووەکان دەسپێرن بە شاری نائومێدی و
شەونمیش بۆ گۆناکانمان دەکەنە دیاری

دوو دڵ مەبەو داوای یارمەتی لە تنۆکی باران بکە و
ئاوازی گووتەش لە چڕی دەنگەکان
لە پاییز وەفا بکرە و
لە رۆحی منیش
تامەزرۆیی..ئاوێنەکان

2007/4/2